

# شیوازەکانی تاقیکردنەوەکان

قۆناغي سىَ /كۆرسي دووەم

باخچەي مندالان

پ.ي.د.سلوى احمد امين



## • The Testsئەزموون و تاقیکردنەوەکان (الاختبارات)

- وەك لە پێشترئاماژەمان بۆ کرد ،بە بێ ئەزموون و تاقیکردنەوەو تێست پرۆسەی کەرەستەو هەڵسەنگاندن و پێوانە کردن بە ئاکام ناگات ، لە بەر ئەوەی تێست و تاقیکردنەوە ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوە ی داتاو زانیاریەکانەو بە بێ ئەوان ناتوانین هیچ زانیاریەك کۆبکەینەوە .

- پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن پێویستیەکی زۆری بە تێست و پێوانەکار هەیە ، تا لە رێگەیانەوە تواناو لێهاتوویی و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخواز دیاری بکرێن.

## پێناسەی ئەزموون یان تاقیکردنەوە :

بریتیە لە کۆمەڵێك پرسیار یان هەڵویست یان وێنە یان بە ئاکام گەیاندنی زنجیرەیەك چالاکی و کاری پراکتیکی کە پێویستە فێرخواز (یان هەر کەسێکی تر) وەڵامیان بداتەوە و جێبەجێیان بکات .



# جۆرەکانی ئەزموونTypes of Tests







**1-ئەزموونەکانی دەستکەوت** ( **التحصيل** )/ پێوانەی دەستکەوتی قوتابیان دەکات لە رێگای مەنهەج

**2-ئەزموونەکانی زیرەکی (الذکاء )** / هیچ مەنهەجێکی تایبەت بە خۆی نیە بەلاّم لە رێگای ئەزموونی زیرەکی پێوانەی توانایی عەقلّ دەکات

**3-ئەزموونی کەسایەتی (الشخصيه)** / (لایەنی –سیفەتەکان –حەز و ئارزو )

**4-ئەزموونی داهێنان (الابداع)** / پێوانەی نەرمی (مرونە) – رەسەنایەتی بیرکردنەوە ( الاصالە ).توانای دەربرین و دەرخستنی( الطلاقة)

5- **ئەزموونی توانا تایبەتەکان** ( **القدرات الخاصة** )/توانای ژماردنی – توانای میکانیکی – توانای زارەکی ..... هتد)



- **هەنگاوەکانی ئامادە کردنی ئەزموونی دەستکەوت:**

1. **شیکردنەوەی ناوەڕۆکی  بابەتی خوێندنەوە :ناسراوە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆک شیکردنەوەی زارەکی لە خۆ دەگرێت بە گوێرەی ئامانجەکانی پەروەردە**
2. **دیاری کردنی سەنگی ڕێژەیی ناوەڕۆك بە پێی ئامانجەکانی فێربوون و ئەمەش پاپەندە بەو سێ مەرجە**

A.ژمارەی لاپەرەکانی هەر بابەتیك

B.ژمارەی کاتەکانی وانەوتنەوە

C.راو و بیروباوەڕی  سێ لە بڕیاردەرەکان بۆ دیاریکردنی گرنگی بابەتەکە  لە لایەنی گرنگی و زەحمەتی و جدیات

3. ئامادەکردنی خشتەیی وەسف کردنی تایبەت بە ئەزموون:

4. ئەم خشتەیە بە گوێرەی شیکردنەوەکەی پێشەوە ئامادەدەکرێت بە شێویەك کە هەموو بابەتەکان روون دەبنەوە و کامیان گرنگە و رێژەی ئەو گرنگیە تا چەندە لەگەڵ ئەوەشدا ژەمارەی پرسیارەکانی بۆهەر بابەتێك دەردەکەوێت, و ئەوشتانەی کە بابەتەکە دەپێوێت و ئامانجەکانیشی دیارکردنی جۆری پرسیارەکان:

بریتیە لەم جۆرانە

❖ پرسیارەکانی گوتاری:

( پرسیاری گوتاری چیە ؟ تایبەتمەندیەکانی چیە ؟ و کەم وکوریەکانی چیە؟)

❖ پرسیارەکانی بابەتی :

# جۆرەکانی پرسیارەکانی دەستکەوت:
# test types Achievement

- پرسیارەکانی دەستکەوت بە شێوەیەکی سەرەکی دابەش دەبێت بۆ ئەم سێ جۆر:



1. ئەزموونەکانی زارەکی(شفهی)
2. ئەزموونەکانی نوسینی (تحريرى)
3. ئەزموونەکانی کرداری (عملی )

➢ ئەزموونەکانی نوسینی(تحريرى دابەش دەبێت بۆ :

❖ ئەزموونەکانی گوتاری (کورت – درێژ)

❖ ئەزموونەکانی بابەتی



## ❖ ئەزموونەکانی زارەکی (شفوی)

- یەکێکە لە کۆنترین جۆرەکانی ئەزموونە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی زانستی بەکارهاتووە و ئەمەش لە ڕێگای دانی چەند پرسیارێك بە شێوەیەکی زارەکی دەمی(شفهیە) بۆ قوتابیان کە لێیان داواکراوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە بەهەمان شێوە بۆ زانینی مەودای تێگەیشتنیان بۆ وانەکە و توانای دەربڕینیان لەسەر خۆیان ئەمەش زۆر پێویستە لە هەندێك حاڵەت وەکو گفتوگۆی(مناقشە) توێژینەوە و ڕاپۆرت و ئەرکی چالاکی قوتابیان.

- زۆر پەروەردەییەکان ئاماژەیان بە گرنگی بەکارهێنانی ئەم ئەزموونە داوە لەبەر هەندێك هۆکار و تایبەتمەندی ئەویش ئەمانەن:

1. ئەم ڕێگایە وا لە قوتابی دەکات کە بەردەوام لە پەیوەندی دابێت لەگەڵ مامۆستا .

2. یاریدەدەرە بۆ بڕیاردان لەسەر توانای قوتابی بۆ گفتو گۆ و خێرایی بیرکردن و تێگەیشتن و بەستنی زانیاریەکان و دوزینەوەی ئەنجامەکان

3. بەکاردێت بۆ  هەڵسەنگاندنی منداڵان لە قوناغەکانی پێش قوتابخانە و قوناغەکانی سەرەتای قوتابخانە ئەویش بە هۆی نەبوونی توانای نوسین لەلایەنی منداڵەکان

4. وا دەکات پرۆسەی هەڵسەنگاندن بەردەوام بێت هەر لەبەر ئەوەش دا قوتابی ڕۆژانە و بەردەوام وانەی خۆی دەخوێنتەوە

5. یارمەتی راستکردنەوە و چاك کردنەوەی هەڵەکانی چەمکی زانستی دەدات  لە هەمان کاتی رووودانی

6. یارمەتی پشکنینی هەندێك لە سەختی فێربوون دەکات

7. یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ جیاکردنەوەی و دیاریکردنی ئەو قوتابیانەی کە ئاستیان لە یەکتر نزیکە

8. راستەخۆ مامۆستا بە کاردانەوەی قوتابیان  دەزانیت سەبارەت بە تیگەیشتنیان بۆ وانەکە (تغژیە راجعە فوریە)

## كەم و كوريەكانی ئەزموونی زارەكی (شفهيه) :

1. زۆر كاريگەر دەبيت بە كەسايەتی و خودی مامۆستا چ لە دانانی پرسيار يان دانی نمره
2. كاتيكی زۆر خەرج دەكات بە تايبەت ئەگەر هات و ژمارەی پرسيارەكان زۆر بوو لەگەڵ ژمارەی قوتابيانيش
3. تومارنەكردنی وەڵامەكانی قوتابی رێی پێ نادات بۆ مامۆستا تا بتوانيت ئەم وەڵامانە شی بكاتەوە و خاڵی لاوازی و بەهێزی قوتابيان بدۆزێتەوە
4. هەندێك لە هۆكارەكانی دەروونی قوتابی گاريگەريان هەيە وەكو ترس و دڵەراوكێی لە ڕوبەڕووبوونەوەی مامۆستا
5. نەبوونی پرسياری گشتی تا هەموو ناوەرۆكی بگرێتەوە
6. جياوازی لە ئاستی زەحمەتی پرسيارەكانی كە ئاراستە كراون بۆ قوتابی جياواز.رەنگە پرسيارێكی ئاسان ئاراستەی قوتابييەك بكرێت و پرسيارێكی زەحمەت ئاراستەی قوتابيەكی تر بكرێت

## 2- ئەزموونی کرداری (الاختبارات العمليه)

• ئەم جۆرە لە ئەزموون بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی دەرهاتووەکانی فێربوون (ئامانجەکان)کە پەیوەندیان بە کارامەیی کرداری هەیە وەکو لە پەروەردەی هونەری وە وەرزشی وبابەتەکانی تری پراکتیکی کە پێوانەی کارامەیی کرداری دەکات یان بڕیارەکانی توێژینەوەی کۆمەلأیەتی کە ناسراوە بە (ئەزموونی ئاستی) ئەو ئەزمونەیە کە پێوانەی ئاستی تاك دەکات بە مەبەستی زانینی هەندێك لە لایەنەکانی هونەری لە بابەتێکی وتراو و هەندێك لە کارامەیی کە ناتوانین پیپێوین بە شێوەیەکی زارەکی یان بە نوسینی گوتاری یان بابەتی ,بۆیە ئەمە پابەند نیە بە ئاستی زمانی (زارەکی) مەعریفی قوتابی بەلَکو پابەندە بە ئاستی کرداری پێشکەشکراو لە لایەنی قوتابی




تاقی کردنەوەی نووسینەکی دابەش دەبێ بۆ دوو بەش:

1. تاقیکردنەوەی وتاری :( الاختبارات المقالية):
2. تاقیکردنەوەی بابەتی : (الاختبارات الموضوعية):



## 3- ئەزموونەکانی کاغس و پێنووس (ئەزموونی نوسەکی) (الاختبارات التحريريه):

- ئەو ئەزموونەی کە تێیدا فێرخواز پەڕ و پێنووس بەکاردەهێنێت بۆ وەڵاْم دانەوە.
- ئەو ئەزموونە پێوانەی ئەنجامەکانی مەعریفی و کارامەیی دەکات و دابەش دەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی

### 1-ئەزموونی گوتاری 2-ئەزموونی بابەتی

- **ئەزموونەکانی گوتاری** : ئەو ئەزموونەیە کە پێویستی بە وەڵاْمی کراوە و ئازاد (الحر) هەیە و هەندێك جار پێی دەوترێت ئەزموونی دارِشتنی .
- ئەو ئەزموونە یەکێکە لە هەر باوترین ئەزموون بۆ هەڵسەنگاندنی دەرهاتووەکانی مەعریفی لە قوتابخانە و زانکۆ .ئەزموونی گوتاری کۆنترین ئەزموونە کە لە قوتابخانە بەکارهاتووە لەسەرەتای دەست پێکردنی تا ئێستا و لەگەڵ هەبوونی چەندین جۆری تر لە ئەزموون کە شانبەشانی دەکەن و خەریکە بە پێشی بکەون بەلاْم تا ئێستا هەر ماوە و بۆ هەڵسەنگاندنی دەستکەوتی مەعریفی بەکاردێت لە زۆربەی قۆناغەکانی فێرکردن

✓ له ئەزموونی گوتاری ماموٚستا بۆ بابەتێکی دیاریکراو داوا له قوتابی دەکات که بنوسێت رەنگه ئەم نوسینه بگاته چەند پەڕێك وه هەمووومان ئەم ئەزموونەمان بینیوه له ژیانی قوتابیاتی .ماموٚستا قوتابی ئازاد دەکات له وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك بەو رێگایه که خۆی حەزی لێیەتی لەگەڵ رەچاو کردنی تەندروستی و راستی دەربڕین و ووردی بەکارهێنانی زاراوەکان و بیرۆکه و چەمك و توانای پێشکەشکردن و شەرح و شیکردن و بەستنی زانیاریەکان لەگەڵ یەکتر به بەکارهێنانی پرسیاری گوتاری که داوا له قوتابی دەکات شی بکاتەوه یان باسی بکات .....هتد

• بۆ ئەوەی پرسیارەکانی گوتاری راستگۆ بن لە پێوانە کردنی ئامانجەکانی رابردوو پێویستە پرسیارەکان دەربارەی کێشەیەك یان هەلویستێکی نوێ بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە خوێندویەتی و لەسەری جێبە جێ بکات

• و پلەی ئازادی وەڵام دانەوە دەگۆڕێت .رەنگە داوا لە قوتابی بکرێت کە وەلأمی کورت بداتەوە ئەمەش پێی دەوترێت وەلأمی (سنوردار یان کورت) یان ئازاد دەکرێت بۆ نوسین بە شێوەیەکی تەواو ئەو وەلأمەش ناسراوە بە وەلأمی (ئازاد- الحر یان درێژ)

## پرسیاری گوتاری سنوردار :

• دەبێت وەلأمی ئەو جۆرە دیاریکراو بێت لە شتەکانی داواکراو و روبەرەکەشی

• نموونەی (1) : مەبەست لە مانە چیە ؟

پێوانە ..........

ئەدەبی مندالأن ..........

• نموونەی (2) باسی چۆنیەتی تاقیکردنەوەی سکنر بکە وە رۆلی پاداشت وسزا دیار بکە بەدرێژی



ئەو جۆرە پرسیارە هەندێك خاڵی باش و بەهێزی هەیە ئەویش ئاسانی ئامادە كردنی و هەڵچینی و گونجاوە بۆ پێوانە كردنی ئەنجامەكانی خوێندن لەسەر ئاستی تێگەیشتن و جێبە جێ كردن و شیكردنەوە

بەلاٌم كەم وكورتیشی هەیە ئەویش ناگونجێیت بۆ پێوانەكردنی هەر یەك لە بەستن و رێگخستن و هەڵسەنگاندن چونكە قوتابی ئازاد دەكرێت بۆ دەربڕینی وەلاٌم بە شێواز و ئارەزووی خۆی كە پێی باشە

**<u>پرسیارەكانی گوتاری درێژ :</u>**

لەم جۆرە پرسیارە قوتابی بەتەواوی ئازاد دەكرێت بۆ دیاركردنی مەودای وەلاٌم و هەروەها ئازادیش دەكرێت لە دەربڕین و ژمارەی پەڕەكان و كاتیش.بەلاٌم ئەم جۆرە جیاوازی هەیە لە دەرخستنی توانای فێرخواز لە شیكردنەوە و رێكخستن و بەستنی بیرۆكەكان و دەرخستنی توانای بەدی هێنان لە دەربڕین و ئەمانەش زۆر بە زەحمەت دەردەكەوێت لە جۆرەكانی ئەزموونی تر

❖ **تایبەتمەندی  باش و بەهێزی پرسیارەکانی گوتاری درێژ:**

1. پێوانە کردنی تواناکانی فێرخواز لە کورت کردنەوەی زانیاریەکان و وەسف و بەراورد کردن لە نێوان بابەتەکانی یەك وانە .و توانای بیرکردنەوە و بەدی هێنان و دۆزینەوەی چارەسەری نوێ بۆ کێشەکان
2. بە ئاسانی ئامادە دەکرێت و لە ماوەیەکی کورتیشدا لە لایەن مامۆستاوە
3. خەملاندن لە وەلامدانەوە نیە
4. پێوانەی ئاستەکانی بەرزی عەقڵ دەکات لە بواری مەعریفەت وەك جێبەجێ کردن و شیکردنەوە و پێکهێنان و هەڵسەنگاندن

## ❖ کەم و کورتی پرسیارەکانی گوتاری درێژ:

زۆر بە کەم و کورتیەکانی ئەزموونی زارەکی دەچێت

1. کاریگەر دەبێت بە خودی مامۆستا
2. پرسیارەکانی هەموو ناوەرۆکی بابەتەکە ناگرێتەوە
3. پێویستی بە کات و ماندو بونێکی زۆر هەیە لە هەڵچینی (تصحیح)
4. تواناى نوسینی و دەربڕینی فێرخواز کاریگەرە .رەنگە نمرەی کەمتر بەدەست بینێت بە هۆی هەڵەی نوسینی

## بەهێزکردنی و چاکسازی لە ئەزموونی گوتاری :

1. پێویستە پرسیارەکان رون و ئاشکراو و بێ گرێ بن و گشتگیر بێت و زۆرترین بابەت لە خۆ بگرێت.
2. پێویستە کاتی بەخشراو گونجاو بێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان
3. نابێت پرسیاری پشت گوێ خراو (تەرکی) تیدا بێت بۆ ئەوەی بتوانی بەراورد بکەین لە نێوان قوتابیان
4. جۆراوجۆر بێت تاکو هەموو ئاستەکانی مەعریفی عەقڵی جیاوازی فێرخواز بپێوی
5. وەڵامی نموونەی دابندریت بۆ هەر پرسیارێك و نمرەکان بە باشی دابەش بکرێت
6. شاردنەوەی ناوی قوتابیان تاکو کاریگەری نەبێت بە خودی مامۆستا لە کاتی هەڵچین

# بنەماکانی ئامادەکردنی پرسیارەکانی وتاری

1- پێویستە تاقیکردنەوەی وتاری بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئامانجانە بەکاربهێندرێ کە ناتوانرێت بەو شێوەیە لە رێگەی تاقیکردنەوەی بابەتیەوە هەڵبسەنگێندرێن.

2- لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی وتاری پێویستی بە کاتی کەم هەیە بۆ ئامادەکردن و دانانی, بەڵام کاتێکی زۆری دەوێ بۆ هەڵەچنی. بۆیە بەباش دەزانرێ کە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بەکاربهێندرێ:-

ا-کاتێك ژمارەی فێرخوازەکان کەم بن.

ب-کاتێکی کەم هەبێت بۆ ئامادەکردن و دانانی پرسیارەکان.

3- پێویستە هەموو پرسیارەکان روون و ئاشکرا و بێ گرێ بن, وە هەر پرسیارێك تایبەت بێت بە کێشە و گرفتێك.

4- ئەگەر مەبەستی مامۆستا لە تاقیکردنەوەکە هەڵسەنگاندنی گشتی بێت بۆ دەست کەوت و زانیارەکانی فێرخوازەکان, ئەوا نابێت پرسیاری پشت گوێ خراوی (تەرك) تێدا بێت, بەڵکو دەبێت هەموو پرسیارەکان وەڵام بدەنەوە, چونکە ئەگەر پرسیاری تەرك هەبیت فیرخوازان هەریەکەیان بە ئارەزووی خۆیان وەڵامی پرسیاريك نادەنەوە, ئەو کاتەش بنەما و زەمینەیەکی هاوبەش بۆ بەراوردکردنی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی فێرخوازەکان نابێت,

5- پێویستە پرسیارەکان پێش ماوەیەك لە کاتی تاقیکردنەوە, ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی مامۆستا چەند جارێك چاوی پێدا بخشێنێتەوە و سەرنجی ئامانجەکانی بدات, تا ئەگەر کەم و کورتی تێدا هەبوو ئەوا چاکیان بکاتەوە.

6- مامۆستا تا دەتوانێت هەوڵبدات پرسیارەکانی گشتگیرو سەرتاسەری بێت و زۆربەی بابەتەکە لە خۆ بگرێت, نەك تەنها پرسیار لە سەرەتای یان لە کۆتایی یان چەند بەشێکی کەمی بابەتەکە بهێنێتەوە.

7- رەچاوی جیاوازی تاکایەتی بکریت بۆ هەر سی ئاستی (زیرەك ومام ناوەندو لاواز) لق و پرسیاری تیدا بیت.

8- باشتر وایە ژمارەی پرسیارەکان زۆر بن, بەڵام وەڵامەکان کورت و پوخت بن.

## بنەماکانی هەڵە چنی پرسیاری وتاری:-

1- پێویستە مامۆستا وەڵامی نموونەی بۆ پرسیارەکان دابنێت و سەرجەم ئەو خاڵ و رەگەز و لایەنانە دیاری بکات کە پێویستە فێرخواز وەڵامیان بداتەوە هەروەها دەکرێت سوود لە وەڵامە راستەکانی فێرخوازە زیرەکەکان وەربگرێت و لەگەڵ وەڵامە نموونەییەکە پێکەوە گرێ بدرێن.

2- دوای دیاریکردن و ئامادەکردنی وەڵامی نموونەیی و خاڵ و رەگەزە راست و گونجاوەکان, پێویستە مامۆستا نمرە بۆ هەریەك لەو وەڵام و رەگەز و خاڵە راست و گونجاوانە دابنرێت و لەسەر ئەوە هەڵەچنی بۆ وەڵامی فێرخوازەکان بکات.

3-لە كاتی هەڵەچنی پرسیار پرسیار بكریت، واتا هەر پرسیاریك لە سەرجەم وەرەقەكان سەح بدریت، ئینجا پرسیاریكی دیكە، ئەمەش سودی هەیە بۆ:

أ- دادگەری لە دانانی نمرە بۆ گشت فیرخوازان بە گویرەی وەلامی راست وەكو یەك.

ب- ماموستا وەلامی ئەو پرسیارەی لە بیردا دەچەسپیت ولەگەل وەلامی پرسیارەكانی تردا لی تیكەلاو نابیت.

ج- بە پی توانا هەولبدریت سەرنج نەدریتە سەر ناوی فیرخوازان، یان شاردنەوەی ناوەكان.

4- پیویستە مامۆستا نەكەویتە ژیر كاریگەری جوان نووسی و رازاندنەوە و وشەی بریقەدار ,یان زۆر نوسین وكەم نوسین نەكاتە بنەما بۆ پیدانی نمرە.

5- باشتر وایە كە گۆرانكاری لە رێك خستن و ریزبەندی تیانووس و وەڵامەكانی فێرخوازەكان بكرێت.

## ❖ ئەزموونەکانی بابەتی (الاختبارات الموضوعية) Objective Tests

- ✓ پی دەوترێت ئەزموونی سەردەمیانە بە بەراورد کردنی لەگەڵ ئەزموونی گوتاری و ئەم جۆرە سەری هەلدا تاکو چارەسەری کەم و کورتیەکانی ئەزموونی گوتاری بکات، و هەر لەبەر بابەتی هەڵچینی وەلآمەکان پێی وترا ئەزموونی بابەتی چونکە هیچ کاریگەر نابێت بە دەروون و خودی مامۆستا چونکە وەلآمەکان دیاریکراون
- ✓ و ئەو ئەزموونە زۆر باو بووەوە لە ساڵانی رابردوو و لە زۆربەی وڵاتەکانی پێشکەوتوو بە پلەی یەکەم دێت لە بەکارهێنانی بۆ پرۆسەی فێرکردنی پەروەردەیی

- **تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی ئەزموونی بابەتی Characteristics of the Objective Test**

1. کاریگەر نابێت بە دەروون و خودی مامۆستایەکان
2. راستگۆی و جێگیری زۆر باش لە هەندێك جۆرەکانی هەیە
3. لە رێگای جۆراوجۆری و زۆری ژمارەی پرسیارەکان زۆربەی بابەتەکانی داواکراو بگریتەوە
4. پێویستی بە کات و ماندووبوونێکی زۆر نیە بۆ هەڵچنی
5. زۆر ئاسانە بۆ قوتابی لەلایەنی نوسینی وەڵامەکان
6. بەکاردێت لە کاتی هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازان


جۆرەكان ی ئەزموونی بابەتی
پرسیاری تەواوكاری و وەلاَمی كورت
پرسیارەكانی راست و چەوت
پرسیارەكانی جووتكردن یان پێك گەیاندن
پرسیارەكانی هەلَبژاردن لە چەند دانەیك

# نسب يمكن اعتمادها للاختبار التحصيلي التجميعي

| م | نوع الاختبار | النسبة المئوية |
|---|---|---|
| ١ | الاختيار من متعدد | ٤٠ – ٦٠% |
| ٢ | الصواب والخطأ | ١٠ – ١٥% |
| ٣ | ملء الفراغات | ١٠ – ١٥% |
| ٤ | المزاوجة | ١٠ – ١٥% |
| ٥ | السؤال المقالي ( بنوعيه ) | ٢٠ – ٢٥% |

## پرسیارەکانی تەواوکاری و وەلأمی کورت:

لەم جۆرە پرسیارە داوا لە قوتابی دەکریێت کە وەلأمی پرسیارەکان بداتەوە لە ریێگای نوسینی وشەیەك یان وتەیەکی کورت یان هیێمایەکی تایبەت وئەو جۆرەش سص شیوازی هەیە

**1-شیۆەی تەواوکردن  2 -شیۆەی پرسیار   3-شیۆەی پیێك بەستن**

**شیۆەی تەواوکردن:** بە شیۆەیەکی گشتی پیێکدیێت لە وتەیەك یان رەستەیەك کە  یەك زانیاری یان زیاتر تیێدا  رەشکراو بیێت (دیارنەبیێت) و پیێویستە فیێرخواز ئەو زانیاریە بە بیری بیێتەوە و تەواوی بکات لەگەلٚ رەستەکە

**نموونە:** رەنگەکانی ناسەرەکی بریتین لە ......... و ............ و ..........

**شیۆەی پرسیار** :پرسیار ئاراستەی قوتابی دەکریێت و دەبیێت فیێرخواز وەلأمی بداتەوە بە وشەیەك یان ژمارەیەك یان زیاتر, **نموونە:** ژمارەی رەنگەکانی سەرەکی چەندن ؟

**شیۆەی پیێك بەستن:** بەهەمان شیۆە رەستەیەك بە قوتابی دەدریێت و پیێویستە تەواوی بکات بە وشەیەك یان زیاتر,**نموونە** :بەرامبەر هەر کەرەستەیەك فەرمانی سەرەکی بنووسە ؟





- ❖ **ئامانجەکانی فێرکردن ئەوەی کە پرسیارەکانی تەواوکردن و وەڵامی کورت دەیپێوێت:**

هەڵبژاردنی واتای وشەکان و زاراوەکان و چەمکەکان و ئەنجامەکانی  کە پەیوەندی بە راستیەکان هەیە وەك وەسف و بەرواری میژووی و مەعریفەتی بنەمایی (مبادئ) و کردارەکان و روونکردنەوە

- ✓ **خاسیەتەکانی**

ئاسانی ئامادە کردنی و هەڵەچنی ,زۆرترین بابەتی لەخۆ دەگریتەوە,رێژەی خەملاَندنی وەلاَم زۆر کەمە

- ✓ **کەم و وکوڕی**

خەست کردن لەسەر پێوانەی لەبەرکردن (حفظ )و دەرخستنی زانیاریەکان □ خودی ماموستا هەندێك رۆڵی هەیە لە هەڵچین,جۆراوجۆری وەلاَم بۆ هەمان پرسیار چونکە ناتوانی پرسیارێك دابرێژی تاکو هەموو وەلاَمەکان ببێت بەیەك

## دووەم / ڕاست و هەڵە :

بریتین لەو رستە و دەستەواژانەی کە مامۆستا بۆ فێرخواز دەیهێنێتەوە کە هەندێکیان ڕاست و هەندێکی تریان هەڵەن کە لەبەردەم هەر دەستەواژەیەك دادەنرێت ، یان دەکرێت بە زاراوەکانی ( بەڵێ و نەخێر )یش وەڵام بدرێنەوە. وە لەم جۆرە پرسیارانەشدا چانسی خەملاندن بۆ فێرخواز ( 50٪ )یە، چونکە ڕاستە یان هەڵەیە .

- **لایەنە باشەکانی ( ئەرێنی )یەکانی پرسیاری ڕاست و هەڵە :**

1- بە ئاسانی هەڵەچنی دەکرێت .

2- دانانی نمرەکان و هەڵەچنی زۆر بە بابەتیانە دەکرێت .

3- دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە زۆرترین پرسیار بهێنرێتەوە زۆربەی بەش و لایەنەکانی بابەتەکە بگرێتەوە .

- **لایەنە نەرێنییەکانی پرسیاری ڕاست و هەڵە :**

1- بوار و چانسی خەملاندن ( ٪50 ) یە .

2- تەنها ئاستە نزمەکانی پۆلێنی بلۆم پێوانە دەکات

به تایبەتی ناسینەوە و یادکردنەوەی زانیارییەکان و لە توانایدا نییە کە پێوانەی توانستە بەرزەکان بکات.

نموونە /

- ئاو لە 100 پلەی سەدی دەکوڵێت       ڕاستە       هەڵەیە

- ڕووی زەوی ٪79 ی ووشکانییە       ڕاستە       هەڵەیە

## • بنەماکانی دانانی پرسیارەکانی ڕاست و هەڵە:-

1- پێویستە کە برگە و پرسیارەکان بە جۆرێك دابندرێت کە بە تەواوی ڕاست بێت یان بە تەواوی هەڵە بێت و هیچ بوارێکی بۆمشت ومڕ و گومانی تێدا نەبێت.

2-پێویستە لەو برگەو دەستەواژانە دووربکەوینەوە کە دوو بیرۆکەی لەخۆ گرتووە بە تایبەتیش کاتێك یەکێك لەو دوو بیرۆکەیە ڕاست بێت و ئەیتریان هەڵە بێت.

3- باشتر وایە لەو پرسیار و دەستەواژانە دووربکەوینەوە کە (نەریٚ) (نفی) ی تیٚدایە, ئەگەر بەکاریش هات ئەوا دەبیٚت هیٚڵی بەژیٚردا بهیٚنریٚت, بۆ ئەوەی فیٚرخواز بەئاگا بیٚت بۆی.

4- نابیٚت بەردەوام پرسار و دەستەواژەی راستەکان دریٚژتر یان کوورتر بن لە دەستەواژە هەڵەکان.

5- نابیٚت برگەو دەستەواژەکانی ناو کتیٚب و مەلزەمەکان وەك خۆی بگویٚزریٚتەوە و بکریٚتە پرسیار.

## سێیەم / تاقیکردنەوەکانی هەڵبژاردن -:

پرسیارەکانی هەڵبژاردن بە بەربلاوترین جۆرەکانی پرسیاری بابەتی دادەنرێت ، پێوەرێکی گرینگیشە کە بۆ پێوانەکردنی ئاستە جیاوازەکانی لایەنی مەعریفی فێرخواز بەکاردەهێنرێت ، دارشتن و دروستکردنی ئەم جۆرە پرسیارانە بەسەر دوو برگەدا دابەش دەبێت ، کە ئەوانیش لە برگەی سەرەکی ( پرسیارەکە ) برگەی وەلامەکان ( هەڵبژاردنەکان – جێگرەکان ) کە لەبەرامبەر پرسیارێکدا ( 3-5 ) هەڵبژاردن دیاری دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی وەلامی راست یان راسترین هەڵبژاردن بۆ برگەی سەرەکیەکە.

- وە پێویستە کە دارشتنی برگەی سەرەکی پرسیار کورت و پوخت بێت و یەك کێشە لەخۆ بگرێت و بەشێوازێکی روون و ئاشکرا دابرێژرێت و دوور بێت لە هەڵە و ئاڵۆزی تاوەکو فێرخواز بە ئاسانی لێی تێبگات .
- وە لەبرگەی هەڵبژاردنەکانیش پێویستە وەلامەکان لە یەکەوە نزیك بن و پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت ، چونکە ئەگەر وا نەبێت یان تەنها هەڵبژاردەیەك لە پرسیارەکە نزیك بێت ئەوا دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی وەلامەکە.

## لایەنە باشەکانی ( ئەرێنی ) پرسیاری هەڵبژاردن :

1- زۆر بابەتیانە و ڕاست گۆیانە هەڵەچنی وەڵامەکان دەکرێت .

2- پێوانەی زۆر توانستی عەقلی دەکات کە لە پرسیارەکانی ڕاست و هەڵە و بەیەکگەیاندن ناتوانن پێوانەیان بکەن .

3- کەمتر لە ڕاست و هەڵە بوار و چانسی خەملاندنی تێدایە .

- **لایەنە نەرێنییەکان پرسیاری هەڵبژاردن:**

1- دانان و ئامادەکردنیان کاتێکی زۆری پێویستە .

2- کاتێکی زۆری دەوێت بۆ خوێندنەوە و وەڵامدانەوەیان ، ئەگەر بەراوردیان بکەین بە پرسیارەکانی ڕاست و هەڵە .

3- ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت فێرخواز دەتوانێت خەملاندن بکات و هەندێك نمرە کە مافی خۆی نییە بە دەست بهێنێت .

## بنەماکانی ئامادەکردنی پرسیاری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:-

### أ- بنەماکانی تایبەت بە برگەی سەرەکی :

1. پێویستە برگەی سەرەکی لەیەك گرفت و کێشە پێك بێت و فێرخواز بە ئاسانی لێی تێبگات.

2. پێویستە برگەی سەرەکی کورت و پوخت بێت و زیادەڕۆیی تێدانەکرێت.

3. ئەگەر پێویستی کرد کە ووشەیەك یان زیاتر لە وشەیەك لە سەرەتای هەر وڵامێك دوبارە ببێتەوە,کەوا دەبێت ئەو وشانە بۆ برگەی سەرەکی بگوێزرێتەوە.

4. باشترە کە نەرێ ( نەفی ) لەم جۆرە پرسیارەدا نەبێت, وە ئەگەر تیایدا بوو ئەوا دەبێت هێلێکی بەژێردا بهێنرێت, بۆ ئەوەی فێرخواز بە ئاگا بێت بۆی وە نابێت بە هیچ شێوەیەك ( نەرێ نەرێ, نفی نفی ) تێدا بێت چونکە دەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی فێرخواز بە تایبەتیش زیرەکەکان.

5. دەبێت ئاگاداری رێزمانی بین.

## ب-بنەماكانی تايبەت بە وەڵامەكان:

1. پێويستە وەڵامەكان بە شێوەيەك دابرێژرێت كە يەك وەڵاميان راست بێت يان لە هەموويان راسترو گونجاوتر بێت و مشت و مری نەوێت.
2. پێويستە كە هەموو وەڵامەكان نزيكبن لە يەكتری و تەواوكەری يەكتر بن هەر هەموويان تايبەت بن بە هەمان بوار و گرفت .
3. پێويستە وەڵامەكان بە جۆرێك دابرێژرێن, كە فێرخواز وابزانێت هەر هەموويان راستە و سەرنجی فێرخوازەكان بۆ لای خۆی رابكێشێت.
4. پێويستە ئەو وشە و زاراوانەی كە لە وەڵامە هەڵەكاندا بەكاردەهێندرێت, ناسراو بن و فێرخواز پێيان نامۆ نەبێت و نزيك بن لە ئەو وشە و زاراوانەی كە لە وەڵامە راستەكاندا بەكاردەهێندرێت.

- **چوارەم / بەیەکگەیاندن :-**

پرسیارەکانی بەیەکگەیاندن بریتییە لە دوو لیست کە یەکێکیان پێشەکیەکانە و ئەوی تر وەڵام دانەوەکانە، کە ڕێنماییەکانی بەیەکگەیاندن وا لە فێرخوازان دەگەیەنێت کە ڕەگەزەکانی لیستی یەکەم بە ڕەگەزەکانی لیستی دووەم بگەیەنێ ، کە ئەم جۆرە پرسیارانە بۆ هەڵسەنگاندنی ناسینەوە و ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە و یەکتری تەواو دەکەن گونجاوە ،

وەك ( کەسایەتی و بەرهەمەکانیان یان داهێنانەکانیان ) و ( ڕووداو و مێژوو ) و ( پێناسە و چەمکەکان ) و ( وشە و ماناکانیان ) و ( دەوڵەت و پایتەختەکانیان ) و ( زانا و تیۆرییەکانیان ) و ( ناوی توخم و شێوەی کیمیاوی )

**وە لەم جۆرە پرسیارانەدا مەرج نییە ژمارەی هەڵبژاردنەکان لە هەردوو لیست وەکو یەك بن ، وا باشترە ( بە پێی قۆناغ و ئاستی ژیری ) دانەیەك یان دوو دانە لە وەڵامەکە زیاتر بن ، بۆ ئەوەی فێرخواز پشت نەبەستێت بە خەملاّندن ، ئەگەر ژمارەیان وەکو یەك بێت ئەوا وەڵامی دوو دانە ئاشکرا دەبێت و دەزانێت .**

- **لایەنە باشەکانی (ئەرێنی) پرسیاری بەیەك گەیاندن :-**

1. ئەگەر وەڵامەکان گونجاو و لەبار بن بۆ پێشەکیەکانیان ئەوا کەمتر بوار بە فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی خەملاندن بکات و نمرەی بە ناهەق دەست بکەویت .
2. دانانی ئاسانتر و خێراترە .
3. رووبەر و شوێنی کەمتر لەسەر کاغەز ( لەکاتی چاپکردن ) داگیر دەکات .
4. لەکاتی خوێندنەوە و وەڵام دانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە کاتی باش دەگەڕێنێتەوە بۆ فێرخواز .

- **کەم و کورتیەکانی پرسیارەکانی بەیەك گەیاندن :-**

1. ئەم توانستەی ئەم جۆرە پرسیارانە پێوانەی دەکات کەم و سنوردارن بۆ پێوانەکردنی توانستەکانی ( پڕاکتیزەکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ) ناگونجێت .

2. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە پێویستی بە دوو لیست ( کۆمەڵ ) لە زانیاری هەیە کە پەیوەندی لە نێوانیان هەبێت و تەواوکەری یەکتر بن ، بۆیە زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێت و بۆ زۆر بابەت گونجاو نییە و ناتوانرێت پێوانەی یەکە بچوك و سەربەخۆکان بکات .

- **بنەماكانی دانانی پرسیاری بەیەك گەیاندن:-**

1. پێویستە یەكە و برگەكانی پێشەكیەكان گونجاو و هاورێك بێت لەگەڵ برگەو یەكەكاني وەڵامەكان و تایبەت بن بەهەمان بابەت كە لەوانەیە پێشەكی و وەڵامەكان تایبەت بن بە رووداوی مێژووی نزیك لەیەك یان بەرهەم و دانانی ژمارەیەك زانا و داهێنەری یەك بواری زانستی بن.

2. نابێت ژمارەی پێشەكیەكان یەكسان بێت بە ژمارەی وەڵامەكان چونكە ئەمە دەبێتە هۆی زانینی دواهەمین دانە, دوای زانینی ئەوانی تر, لەبەر ئەوە ئەگەر پێشەكیەكە چوار دانە بوو ئەوا دەبێت وەڵامەكان پێنج دانە بن.

3. تا دەتوانرێت وەڵامەكان كورت و پوخت بن.

4. باشتر وایە كە ژمارەی پێشەكیەكان لە چوار دانە زیاتر نەبن وە ژمارەی وەڵامەكانیش لە پێنج, وە ناشبێت لەوە كەمتر بن.

پێنجەم / ڕێکخستن :-بریتییە لەو جۆرە پرسیارانەی کە بەشێوازێکی نەگونجاو یان هەڵە ڕیز دەکرێت یان دادەنرێت ، داوا لە فێرخواز دەکرێت بەشێوەیەکی ڕاست جارێکی تر ڕێکیان بخاتەوە ، ئەویش بە پێی جۆری و زانیاری پرسیارەکە .

**بۆنموونە** ئەگەر زانیاریەکە ڕستەیەك بوو بەشێوەیەکی تێکەڵ و نادروست دانرابوو یان چەند ڕووداوێکی بە پێی مێژووی ڕوودانیان پێویست بوو ڕێز بکرێنەوە یان پێکهاتەی جەستە یان ژمارە لە گەورەوە بۆ بچوك و بە پێچەوانەوە یان هەر زانیاریەکی تر کە بە پێی ڕوودان و جێبەجێکردنی پێویستی بە قۆناغ و ڕیز بەندی هەبوو ، دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم جۆرە پرسیارانەدا جێ بگرێت ، خەسڵەتی ئەم جۆرە پرسیارانەش لەوەدا کورت دەبێتەوە کە لەسەر بیر هاتنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی زانیاریەکان وەستاوە ، بۆ پێوانەکردنی ئاستە بالاکان نەگونجاوە .

## خشتەی تایبە تمەندی :-

بریتی یە لە خشتەیەك کە تیایدا سەرجەم ئەو بابەتانەی کە تاقیکردنەوەی تیادا ئە نجام دەدرێت دەست نیشان دەکرێت, لەگەلْ دەست نیشانکردنی کیشی ریژەیی و جۆر و ئاستی ئاما نجە رەفتاریەکان, سەرباری دابەشکردنی نمرەکان بە پیْ پیْوەریکی دیاریکراو لە ( ژمارەی بابەت, بیردۆز, هاوکیشە ,........هتد )کە بۆ هەر بەش و پرسیاریك ,یان خشتەیەکە کە سەرجەم پیکهاتە سەرەکییەکانی ناوەرۆکی بابەتەکان و ئاما نجەکانی هەلْسەنگاندن پیْکەوە دەبەستیْتەوە وریژەی گرنگی هەریەکیْك لەوانە دیاری دەکات.

## سودەکانی خشتەی تایبە تمەندی

1. گشتگیری بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دەبەخشێت.
2. بابەتی بوون بە تاقیکردنەوە دەدات و هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە لایەنگیری و ویستی کەسی.
3. هۆکارە بۆ دابەشکردنی نمرەکان بە پێی گرنگی پرسیارەکان.
4. ماموستا لە دووبارە کردنەوەی جۆریکی دیاریکراو لە پرسیار دووردەخاتەوە.
5. گرنگە بۆ دەست نیشان کردنی کێش و گرنگی بەش و پرسیارەکان.
6. یارمەتیدەرە بۆ زانینی ئاستی هاتنەدی ئاما نجەکان بۆ هەر بەش و بابەتێك.

# هەنگاوەکانی ئامادەکردنی خشتەی تایبە تمەندی

**یەکەم/** شیکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە بۆ تاقیکردنەوە دیاریکراون بە پێی پێوەریکی دیاریکراو ,کە بیگومان هەر بابەت و زانستێك پێوەری تایبەت بە خۆی هەیە.

**دووەم/** دەست نیشان کردنی هەر بەشێك لە بەشەکان بە پێی یاسای سەدی,بە دیاریکردنی کیشی بەشێك بەسەر گشت بەشەکاندا پاشان جارانی 100 بەم شیوەیە : کیشی ریژەیی بەش=بەش / گشت *100

**سێیەم/** دیاریکردنی ئاستی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە,کە مەبەستە هەلسەنگاندنیان بۆ بکەیت, بە پێی ئاستەکانی پۆلنی بلۆم.

**چوارەم/** دوای دیاریکردنی ئاستی پرسیارەکان,گەرانەوە بۆ ناوەرۆکی پرۆگرامی خویندن دەست دەکرێت بە دانان و دارشتنی پرسیارەکان,بە جۆریك دەبێت ژمارەی پرسیارەکان یان لقەکان بە پێی کیشی ریژەیی بەشەکە بێت,کە لە هەنگاوی دووەمدا دیاریکراوە.

**پێنجەم/** دوا هەنگاو بە پێی کێشی رێژەیی بەشەکان نمرە بۆ پرسیارەکان دادەنرێت.

# چەند ریگەیەکیش بۆ دیاریکردنی کێشی ریژەیی یەکەکانی بابەتەکان هەیە , لەوانە :

**ریگەی یەکەم**/دوای دیاریکردنی ئاما نجەکانی هەر یەکەیەك,دابەشی ئاما نجەکانی بەشەکان( تەواوی پرۆگرام ) کە خویندراوە جارانی ( 100 ) دەکریت بەم شیوەیە : کیشی ریژەیی=ژمارەی ئاما نجەکانی یەکەیەك/کۆی ئاما نجەکان 100*

- **ریگەی دووەم**/بە شیوازی بەکارهینانی ژمارەی لا پەرەکانی بەشیك یان یەکەیەك, بە دابەشکردنی بەسەر سەرجەمی لاەرەکانی پرۆگرامەکەدا , پاشان جارانی 100 دەکریت بەم شیوەیە :کێشی رێژەیی=ژ.لا پەرەکانی یەکەیەك/ژمارەی گشتی لا پەرەکان*100

- **ریگەی سییێەم**/ لە ریگەی سود وەرگرتن و بەکارهینانی بەشەوانەکانی یەکەکان,یان بەشەوانەی مانگەکان,بە دابەشکردنی بەشەوانەکانی وەرزیك یان سالیکی خویندن, پاشان جارانی 100 دەکریت بەم شیوەیە : کێشی رێژەیی=ژ.بەشەوانەی یەکەیەك/ کۆی بەشەوانەکان*100